# ئـــەدۆنـیـس

فـــــە هـــــد گـــــــــــردەوانـی

دەکرێ هەور

لە گەردەنی ئەو دۆمە رەشتاڵە

بئالێنی

تاوەکو خەون بە بارانەوە ببینی .

لە نێوان رێگای

رەشماڵ و لەوەڕگا

پنجە گیاکان

دەکاتە دۆشەکێکی نەرم

لە ژێر تیشکی رۆژ دا

خەون بە جوانی تۆ دەبینی

ئۆی ، بیری چەند تیژە !!

هەموو بەیانیان

لە ناو خۆڵەمێشی بەر رەشماڵەکەیان

وێنەی قژت دەبینی

دیسان حەز دەکات

بەرامبەرت دانیشێ و

گوێ بداتە دڵی دوا شیعرت

ئەرێ پاریس ، رەشئەسمەری ئاوا جوانی

بەخۆ وە دیووە ؟!

یا تۆش وەکو ئەو

خەون بە رەشتاڵەکانی

رۆژهەڵات دەبینی !!

------------------------------

## فــریشـــــــــتـه

فریشتەکان لە سەر شان

قودسیان بۆ برد

تا بزانێ چەند لە کەعبەی

بت پەرستان

پیرۆز ترە

تا بزانێ کۆنە هەواری

ئاینی پیرۆزە

داستانێکە فریشتەکان

نووسیوویانە

پێغەمبەریش تاقە پاڵەوانی

باوەڕپێکراوی دەورەبەری بوو

هەر بۆیە لە شەوی میعراجدا

ئەو داستانە

لە دایک بوو ..